# تەسکبوونەوەی واتا لە زمانی کوردیدا

د. فتاح مامە/زانکۆی سەلاحەدین /کۆلێژی ئاداب - بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە کەلەژێر ناوونیشانی (تەسکبوونەوەی واتا لەزمانی کوردیدا) یە بەدڵنیاییەوە دەڵێم یەکەم کاری زمانەوانی کوردییە کەسەبارەت بەدیاردەی تەسکبوونەوەی واتاوەك باسێکی سەربەخۆ کرابێت ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر هەرئاماژەی بۆ نەکرابێت یا بەکورتی باس نەکرابێت. لەبەر ئەوەی ئەم کارەی ئێمە نوێیە، بۆیە هەرباسێکی کەخراوەتە ڕوو سیمای تازەگەرییان پێوە دیارە، خۆ ئەگەر باس لەو هۆکارە بکەم وەك هاندەرێك بۆ لەدایکبوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە لەبەر ئەو کەلێنەیە کە لەبواری واتاسازی کوردی هەبووە، بەمەبەستی پڕکردنەوەی کەلێنەکە ئەم کارە هاتۆتە کایەوە. تەسکبوونەوەی واتا وەك زاراوەیێکی لێکدراو لە بنجدا بەشێوەی (تەسکبوونەوەی مەودای واتا)یە، بەڵام لەبەر هۆکاری کورت دەربڕین وشەی (مەودا) وەلا نراوەو بووە بە(تەسکبوونەوەی واتا)، زاراوەکە هەر بەلێکدراوی مایەوە بەڵام بە وشەیەك کەمتر لەگەڵ باری پێشووی.

پێشەکی پێناسەیەکی تازەمان بۆ دیاردەکە داڕشتووە کەجیاوازە لەگەڵ ئەو پێناسانەی کە لەلایەن زمانەوانە ناکوردەکانەوە خراونەتە روو، ئەو ڕاستییەشمان باسکردووە کە دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا بەبێ دیاردەی فراوانبوونی واتا دروست نابێت، واتە تەسکبوونەوەی واتا بەقۆناغی فراوانبوونی واتا تێپەڕ ئەبێت و پاشان لەبەر چەند هۆکارێکەوە ئینجا دیاردەی تەسکبوونەوەکە دروست ئەبێت.

لایەنی ئیتیمۆلۆجی زمان نەك هەر بەشێکی یەکجار گرنگە بۆ بابەتێکی وا، بەڵکو بەبێ لایەنی ئیتیمۆلۆجی ناتوانین باسی دیاردەکە بکەین، هەر لەبەر ئەوەشە بەلای وشە و مۆرفیمی زمانی ئاوێستا چووین و تاکەکانی ئەو زمانە مردووەمان بەڕەگەزی هەرەکۆنی وشەی زمانی کوردی ئیمڕۆمان داناوە، چونکە لەباسێکی وا زۆر پێویستە وشە و مۆرفیمی ئیمڕۆی زمانی کوردی لەگەڵ تاکەکانی ئەوسای زمانی ئاوێستا بەراورد بکەین، بۆ ئەوەی درك بەتەسکبوونەوەی واتای هەندێ وشە بکەین، جگە لەوەش لایەنی گۆڕانکاری زمان دیسان بەرەو ئەو جۆرە وشەو مۆرفیمانەمان ئەبەن، لەم لێکۆڵینەوەدا ئەو هۆکارانەشمان دەست نیشان کردووە کە دەکەنە کارێك بۆسەرهەڵدانی تەسکبوونەوەی واتا.

لە روانگەییێکی تری لێکۆڵینەوەکەمان بەرەو لایەنی کاری فەرهەنگەوانی چووین و رەنگدانەوەی ئەم بابەتەمان باس کردووە کە تا چ رادەیێك فەرهەنگە ناودارەکان گرنگی پێ ئەدەن، بەڵام ئەم بایەخ پێدانە لەبواری فەرهەنگەوانی کوردی نابینرێت. لەشوێنێکی تر باسێکی دەگمەنی هەندێ واتا ئەکەین

کەلە هەنگاوی فەراوانبوونەوە بەرەو تەسکبوونەوە ئەڕۆن و پاشان بەپێچەوانەوە لەقۆناغی

تەسـكبوونەوە بـەرەو فراوانبـوون دەگەڕێنـەوە. لـەكۆتایی لێكۆڵینەوەكـەدا نموونـەیێكی زۆری تەسكبوونەوەی واتامان بەگوێرەی بوارە واتاییەكان هێناوەتەوە، بوارە واتاییەكانیشمان بەپێی ئەو واتایە ریز كردووە كە دووچاری دیاردەی تەسكبوونەوەی واتا دەبێت و لەناو دەچێت.

بۆ ئەوەی هەموو لایەنێكی دیاردەكە وەك رایەڵە بخەینەڕوو، لێكۆڵینەوەكەمان دابەشكردووە بۆ ئەم سێ بەشە:

بەشی یەكەم مەبەست و سنووری تەسكبوونەوەی واتا دەگرێتە خۆی. هەر لەم بەشەدا باسی گۆڕانكارییەكانی زمان دەكەین چونكە دیاردەكە لەچوارچێوەی گۆڕانكارییەكان دروست ئەبێت.

هەرچی بەشی دووەمە، ئەم لایەنانە باس دەكات: هۆكارەكانی سەرهەڵدان و دروستبوونی تەسكبوونەوەی واتا، هەروا باسی دیوی دووەمی تەسكبوونەوەی واتا دەكرێت كەتایبەتبوونی واتایە(تخصص المعنی) ئەم دووانە لەیەكتر جیادەكەینەوە،كەچی لەكاری زمانەوانە بێگانەكان هەردوو دیاردەكەیان بە یەك بابەت داناوە. هەرلەم بەشەدا ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان كاری فەرهەنگەوانی و دیاردەی تەسكبوونەوەی واتا دەكەین. بەڵام لەبەشی سێیەمدا نموونەی تەسكبوونەوەی واتا بەپێی ئەم بوارە واتاییانە دێنینەوە: بواری باڵندە ، بواری جلو بەرگ ، بواری ڕووەك ، بواری كاڵاو كوتاڵ ، بواری خواردەمەنی ، بواری كەلو پەل، بواری یاری، بواری خشڵی ژنان، بواری چەك، ئەم كارەی ئێمە لە سەرەتاوە تا كۆتایی لەسەر دوو ڕێبازی لێكۆڵینەوەی زمانەوانی ڕۆیشتووە: یەكەمیان ڕێبازی مێژووییە بەتایبەتی لایەنی ئیتیمۆلۆجی وشە ، چونكە بەشێكی زۆری لێكۆڵینەوەكە پێویستی بەوە كردووە كە چەند هەنگاو لە مێژووی هەندێ وشەوە بزانین. دووەمیان ڕێبازی بەراوردكارییە لەنێوان باری لە مێژینەو پێشووتری هەندێ وشە لەگەڵ باری ئیمڕۆی وشەكە ، لەئەنجامدا چۆنیەتی تەسكبوونەوەی واتاكە دەركەوتووە كە بەسەر ئەو وشانەدا هاتووە .

## بەشی یەكەم

### مەبەست لە تەسك بوونەوەی واتا :

زۆر بە ئاسانی هەست بە دیادەی تەسكبوونەوەی واتا دەكرێت، چونكە هەر لە ناوونیشانی ئەم لێكۆڵنیەوەیە دەردكەوێت كە مەبەست لە دیاردەی تەسكبوونەوەی واتا چییە، لە هەندێ سەرچاوە بەم شێوەیە پێناسەی تەسكبوونەوەی واتایان كردووە: واتایێكی گشتی، یا چەند واتای وشەیێك بەرەو گـۆڕانی تەسكبووننەوەی واتا دەچێت(١)، واتە وشەیێك یا مۆرفیمێك چەند واتای جۆربەجۆری گەیاندووە، بەڵام پاشان لەبەر چەند هۆكارێك هەندێ لە واتاكانی لە دەست داوەو ئێستا تەنیا هەڵگری یەك واتایە لە زماندا. هەرچی واتاكانی پێشتری وشەو مۆرفیمەكانە یان لەبەر هۆكاری دەنگسازی لەناو دەچن(٢)بەپێی ئەم بیرۆكەیە وشەو مۆرفیم چەند كورتتربن ئەوەندە زووتر لەناودەچن(٣)، یا واتاكانی پێشتریان هەر بە هۆكاری واتاوە لەدەست دەدەن. ئەگەر زمان هۆكارێك بێت بۆ پەیوەندی كردن بە یەكترەوەو مەرامی لەیەكتر گەیشتن ئەنجام بدات، ئەوە وا دەكات كە زمانیش شان بەشانی بوارە جیاجیاكانی تری ژیانی ئادەمیزاد بێ وچان تەكان بەرەو

---

(1) المعجم الانگلیزی بین الماضي والحاضر, ص٢٦٣.

(2) دور الكلمة في اللغة, ص٢١٠.

(٣) اللغة والحياة والطبيعة البشرية, ص١٧٧.

پێشەوە بنێت و لەتەك گۆڕانكارییەكانی ژیان ئەوا گۆڕانكاری لەناو زمانیش روو ئەدات بۆ ئەوەی گۆڕانكاری زمانیش تەریب بێت لەگەڵ گۆڕان و بەرەو پێش چوونی ژیان هەرچەندە بەشێكی زۆر لە شارستانییەت لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر بە هۆی زمانەوە ناگوێزرێتەوە.

لە بارەی تەسكبوونەوەی واتا دیارە تافراوانبوونی واتا بەرپانەبووبێت ئەوا دیاردەی تەسكبوونەوەكە هەرگیز پەیدانەبووە. بەشێكی زۆر لە مۆرفیم و وشەو دەربڕین لەزماندا پاش سەرهەڵدان و دروستبوونیان لە واتایەكەوە لەبەر هۆكاری مێژوویی و زمانەوانی و كۆمەڵایەتی، واتای دووەم و سێیەم و چوارەم و... هتد، دەگرێتە خۆی پاشان هەر لەبەر هۆكارەكانی پێشتر وردە وردە وشەو مۆرفیمەكان واتاكانیان لە دەست دەدەن تەنیا یەك واتا یان زیاتری ئەمینێتەوە، بەم كردارە دەوترێت تەسكبوونەوەی واتا، ئەوەی وترا لەم هێلكاریەدا روون دەكەینەوە:




لە واتای یەكەمەوە بۆ دووەم و سێیەم و چوارەم هەڵكشا، كە ئەمەیان فراوانبوونی واتایە، بەڵام پاشان لە واتای چوارەمەوە دابەزی بەرەو سێیەم و دووەم و لەیەكەم وەستا، بەم كردارەش دەوترێت تەسكبوونەوەی واتا چونكە لە چوار واتا، سێی لە دەست داوەو دواتر تەنیا یەك واتای ماوە، بەشێكی زۆر لە مۆرفیم و وشەو فرێز لە زماندا بەم هەڵكشان و داكشانەی واتا تێپەڕ ئەبن. بەپێی ئەوانەی كە دەربڕان دەتوانین لەمبارەیەوە پێناسەیەكی تازەو لەبارتر بۆ دیاردەی تەسكبوونەوەی واتا دابڕێژین: تەسكبوونەوەی واتا: بریتییە لەو هەڵكشان و داكشانەی واتا كە هەندێ لە مۆرفیم و وشەو فرێز لە زماندا پیایدا تێپەڕ ئەبن و پاشان لەبەر چەند هۆكارێك[1] لەسەر یەك واتا یا زیاتر ئەگیرسێنەوە. پێویستە نەختێ لەسەر ئەو پێناسەیە بوەستێم: هەڵكشان بە واتای فراوانبوونە چونكە وەك لە هێڵكارییەكە روونكراوەتەوە لە واتای (١) بۆ (٤) هەڵكشانە بەرەو سەرەوە، واتە فراوانبوون و زیادكردنی واتایە، ئەمە لای راستی هێڵكارییەكە، بەڵام لای چەپی هێڵكارییەكە لە واتای (٤) بۆ (١) داكشانە، واتە بەرەو خواروو كە ئەمەشیان نیشانەی لەدەست دانی واتایە و لە هەمان كاتدا تەسكبوونەوەی واتایە. هەر لەپێناسەكەدا هاتووە هەندێ (مۆرفیم و وشەو فرێز) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت كە یەكەكان لەسەر هەرسێ ئاستەكە (مۆرفیم ، وشە، فرێز) دووچاری هەڵكشان و داكشانی واتا ئەبن بەڵام دیارە كە مۆرفیم و وشە لە فرێز زیاتر بە هەڵكشان و داكشانەكە تێپەڕئەبن، لەبەرئەوەی مۆرفیم و وشە یەكەی سیمانتیكین بۆیە زیاتر بە هەردووئاراستەی فراوانبوون و تەسكبوونەوەی واتا تێ ئەپەڕن، چونكە بە زۆری واتا خۆی

---

[1] هۆكاری زمانەزانی و مێژوویی و كۆمەڵایەتییە.

هۆکاری لەناو چوون و نەمانی وشەیە[٢]. لێرەدا سەبارەت بەوانەی کە دەربڕان پێویستیمان بە نموونەوە دەبێت:




واتە کارک = کەندوو + پێڵاوی چەرمین + کارژۆڵە[٣]. پاش ئەوەی مۆرفیمی }کارک{ بە درێژایی تەمەنی لە زماندا سێ واتا دەگرێتە خۆی، پاشان بە هۆکاری بەسەر چوونی سەردەم دووچاری تەسکبوونەوەی واتا هاتووەو لەو زمانە ستاندەرەی کوردی کە ئیمڕۆ هەمانە، تەنیا بە واتای کارژۆڵە بەکاردێت[٤]، چونکە دووچاری تەسکبوونەوەی واتا هاتووە، بەڵام دوو واتاکەی تری (پێڵاوی چەرمین) و }کەندوو{ یەکەمیان ئەمڕۆ لە زمانی کوردی لە کارکەوتووەو بەکارنایەت، هەرچی }کەندوو{ە دیسان لە زمانی ئاسایی ئیمڕۆی کوردی بەکارنایەت تەنیا لە چوارچێوەی پەند نەبێت.

## سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە ژێر ناوونیشانی (تەسکبوونەوەی واتا لە زمانی کوردیدا)یە هەر لە خودی دەربڕینی. (تەسکبوونەوەی واتا) درک بە سنوورو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە ئەکرێت. بەشێوەیێکی تر دەتوانین بڵێین ئەم لێکۆڵینەوەیە دەربارەی سیمانتیکی مێژوویییە (Semasiology)، لە راستی دا سنوورەکەی زۆر فراوان ئەبێت و چەند رێبازی جیاجیای زمانەوانی دەگرێتەوە چونکە خودی لێکۆڵینەوەکە خۆی وادەکات کە گەلێ لایەنی هەمەجۆر بگرێتە خۆی. لە لاییکەوە سیمانتیکییە چونکە لە واتا دەکۆڵێتەوە، لە لاییکی ترەوە ئیتمۆمۆلۆجییە چونکە لە مێژووی سەرهەڵدان و بەرەو پێشەوە چوون و گۆڕانی واتای مۆرفیم و وشە دەکۆڵێتەوە. لە لاییکی تریشەوە لێکۆڵینەوەکە بەرەو رێبازی بەراوردکاری دەچێت، چونکە لەباری ئێستاو رابردووی واتاکان دەکۆڵێتەوە، فراوانبوونی واتای وشەیێك یان لێکسیکێك لایەنێکی مێژووەکەیانە، هەمدیس تەسکبوونەوەی واتاکانیان دیسان لایەنێکی تری مێژووەکەیانە، چونکە تا دیاردەی فراوانبوونی واتا بەرپانەبێت ئەوا دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا دروست نابێت، جا بە بەراورکردنی فراوانبوونی واتا لەگەڵ تەسکبوونەوەی واتاکەی چۆنیەتی گۆڕانکاریەکان دەزانین و دوا واتای کە بە لێکسیکەکە گیرساوەتەوە لە ئەنجامی بەراوردکارییەکە دەردەکەوێت. ئەگەر واتا پەیوەندی گۆڕینەوە بێت لە نێوان دەنگ و واتا، هەر گۆڕانکارییەك لە پەیوەندی نێوانیان رووبدات

---

[٢] دور الكلمة في اللغة, ص٢١١.

[٣] هەمبانە بۆرینە, ل٥٩٨.

[٤] لە شێوەزاری هەولێردا }کارك{ بە واتای پێ نەگەیشتوو دێت: گندۆرەی کارك, کارکە گندۆرە.

ئەوا گۆڕانكاری واتا بەرپا دەكات[1]. كە ئەمەش بەرپا بێت ئەوا تەسكبوونەوەی واتاش دێتە ئاراوەو دروست دەبێت.

ئەوانەی كە باسمان كردن پێویستیان بە نموونەی روونكەرەوە هەیە:




ئەو لێكۆڵینەوەی كە لە بارەی نموونەی (ئاگرباران) دەكرێت بەم شێوەیە دەیخەمەڕوو:

سیمانتیكە چونكە لە واتای وشەی لێكدراوی (ئاگرباران) دەكۆڵێتەوە. ئیتمۆجۆلۆجییە چونكە لە بارەی واتای كۆن و ئێستای (ئاگرباران) دەكۆڵێتەوە نموونەی تەسكبوونەوەی واتایە چونكە واتایەكی لە دەست داوە ئەمڕۆ تەنیا بە واتای شەڕەتفەنگ و گەرما بەكاردێت، بەڵام واتاكەی تری كە جۆرە قوماشێك بووە ئەمڕۆ لە زمانی كوردیدا نەماوەو بەكارنایەت[1]، بەرەو بەراوردكاریمان دەبات چونكە كاری بەراورد لە نێوان واتای یەكەم و دووەم دەكرێت ئینجا ئەو واتایەی لە دەستی داوە ئاشكرا دەبێت.

لە سەرێكی ترەوە هەر لەبارەی سنووری لێكۆڵینەوەكەمان دەست نیشانی ئەو یەكە زمانەوانییانە دەكەین كە دەبنە كەرەسەو نموونەی باسەكە، ئەوانیش بریتین لە: (مۆرفیم، وشەو، فرێز).

## گۆڕانكاری لە زمان و دیاردەی تەسكبوونەوەی واتا:

هیچ گومانێك لەوەدا نییە كە خێرایی گۆڕانكاری لە نێو وشەو مۆرفیمەكان كە یەكەی ئاستی سیمانتیكین زۆر خێراترە لە یەكەی ئاستەكانی تری زمان، هەرچی یەكەكانی ئاستی فۆنۆلۆجیشە ئەوا بە پلەی دووەم دائەنرێن. زمانیش یەكەم هۆكارە بۆ پەیوەندی كردنی رۆڵەكانی هەر نەتەوەیێك لەناو خۆیان و ئاڵ و گۆڕكردنی بیروڕا لەگەڵ یەكتردا، كەواتە زمان ئامێرێكە[2] بەستراوەتەوە بە ژیانی ئادەمیزادەوەو بە هۆیەوە خەڵك گوزارشت لە بوارە جیاجیاكانی ژیانیان دەكەن. لە لاییێكی ترەوە زمان گەنجینەی كۆكراوەی چەند هەزار ساڵە كە لەئەنجامی كەڵەك بوون و دوای لەناوچوونی هەندێ وشەو مۆرفیم كۆبوونەتەوە، لە هەر سەردەمێكی جیاوازی ژیانی مرۆڤ

---

[1] دور الكلمة في اللغة, ص١٦٩.

[2] هەمبانە بۆرینە, ل٩.

[1] جۆرە قوماشێك بوو جاران بۆ رووی پێشەوەی كورتەكی ژنان بەكار دەهات, رەنگەكەی سوورێكی تاریك بوو, بە داوی زەرِكەش نەخش كرابوو, كە بەرامبەر رۆناكی یا تیشكی خۆر ئەتریسكایەوە هەر لەبەر ئەو تریسكانەوەش بووە ناوی (ئاگرباران)یان لێناوە.

[2] اللغة والحياة والطبيعة البشرية, ص٧٤.

کۆمەڵێکی یەکجار زۆری وشەو مۆرفیم سەریان هەڵداوەو دروستبوونە، هەندێکیان لە ئەنجامی تەسکبوونەوەی واتا لەناوچوون، بەڵام هەندێکی تریان تا ئێستا لە زمان بەردەوامن و بەکاردێن، بە شێوەییێکی تر دەتوانین بڵێین هەر زمانێك گوزارشت لەشارستانیەتێکی دوورو درێژو دەوڵەمەندی نەتەوەیەك دەکات، لەو ماوە دوورودرێژەدا بەپێی لۆجیك گۆڕانکاریەکی یەکجار زۆر بەسەر دەنگ و واتای وشەو مۆرفیمەکان دێت ((پەیوەندی زمانناس و مێژوو هاودەنگییە: زانیاریی مێژوو رووی مێژوویی وشە دابین دەکات))[٣] واتە کاری لێکۆڵینەوەی ئیتیمۆلۆجی وشە دەگرێتە خۆی.

بۆ نموونە لە روانگەی ئیتیمۆلۆجییەوە سەیری هەندێ وشەو مۆرفیم بکەین و بەراوردیان بکەین لە روانگەی باری هەرە کۆنیانەوە لەگەڵ باری ئێستایان لە رووی فۆرم و واتاکانیانەوە، ئەوا پێنج پۆلیان لێ دەست نیشان دەکەین:

١- وشەو مۆرفیمی هەرە کۆن کە لە ئاوێستادا هاتوون[٤] تا ئیمڕۆکەش پارێزگاری خۆیان لە رووی فۆرم و واتاوە لە زمانی کوردیدا کردووەو خۆیان نەداوەتە دەست گۆڕانکاری وەك: }ئاواز{ کە لە ئاوێستادا بە واتای بەزم و گۆرانی و ئاواز هاتووە[٥]، کەچی تائەمڕۆش لە زمانی کوردی هەر بە هەمان واتاو فۆرم بەکاردێت.

٢- هەندێکی تر لە وشەکانی ئاوێستا بە بەراورد کردنیان لەگەڵ باری ئێستایان تەنیا گۆڕانکارییەکی کەم رووی داوە وەك: (پاشنە) لە ئاوێستا بەو فۆرمە بووە کەچی ئەمڕۆ بە (پاژنە) لە زمانی کوردی دەرئەبڕێت[١]، گۆڕانەکە تەنیا لە نێوان /ش/، /ژ/ روویداوەو /ش/ ◄── /ژ/ چونکە سازگەیان لەیەکەوە نزیکە، هەمان گۆڕینی فۆنۆلۆجی لە نێوان ئەم دوو فۆنیمە تا ئەمڕۆکەش لە زمانی کوردی روو دەدات،وەك: پشدێن > بژدێن، /ش/ ◄── /ژ/، هەروەها مۆرفیمی (ئارەم) کە لە ئاوێستا بە واتای هێمن، بێ دەنگ هاتووە[٢]، لێرەش /ا/ ◄── /ە/، ئەمڕۆکەش لە زمانی کوردی هەرهەمان واتای ئەوسا دەبەخشێ.

٣- بەشێکی تر لە وشەکانی ئاوێستا گۆڕانکاری لە چەند فۆنیمەکەوە رووی داوە بە بەراوردکردنی لەگەڵ بوونی ئێستای لە زمانی کوردی، بەڵام هەست بە تارمایی پەیوەندییان دەکرێت واتە لە نێوان فۆڕم و واتای ئەوسای لەگەڵ فۆڕم و واتای ئێستای لە زمانی کوردی، وەك:

پەرنە: لە ئاوێستا بە واتای {پڕ} هاتووە[٣] لە نێوان (پەرنە) و {پڕ} لێکچوون هەیە.

پەیتیش: هەر لە ئاوێستا بە واتای {پێش} هاتووە[٤] لە نێوان (پەیتیش) و {پێش} لێکچوون هەیە.

---

[٣] سەرەتایەکی زمانناسی، ل١٧.

[٤] چونکە ئاوێستا بە دەقی هەرە کۆنی رەگەزی زمانی کوردی دەژمێردرێت.

[٥] فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ، ل١٠١.

[١] فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ، ل١٠١.

[٢] بنج و بناوانی هەندێ وشە، ل٩.

[٣] فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ، ل١٠٢.

٤- کۆمەڵێکی تر لە پەیڤەکانی ئاوێستا لەگەڵ باری ئێستای هەمان پەیڤ لە زمانی کوردی زۆر لەیەکتر دوور کەوتوونەتەوە کە بە هیچ شێوەیەک درک بە پەیوەندی نێوانیان ناکرێت لە رووی فۆرم و واتاوە وەک:

خڤەثرە: کە لە ئاوێستادا بە واتای ئاشتی و ئاسایش هاتووە[٥]، هەست بە پەیوەندی نێوان (خڤەثرە)و ئاشتی ناکرێت.

بەشێکی زۆری وشەکانی کە لە ئاوێستادا هاتوون ئەمڕۆ بە وشەی پەک کەوتە ناوزەد دەکەین چونکە لە پاش تەسکبوونەوەی واتایان لە قۆناغێکی تر بە تەواوەتی لە ناوچوون و نەماون وەک:

هەیتی: بە واتای (فصل)ی عەرەبی، (Chapter)ی ئینگلیزی هاتووە[٦]، هەست بە پەیوەندی نێوانیان ناکرێت.

هاڤیشڤتە: بە واتای قوتابی ئایینی زەردەشتی هاتووە[٧] هەست بە پەیوەندی نێوانیان ناکرێت.

لێرەدا بۆمان دەرکەوت ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر وشەو مۆرفیمەکان هاتوون بە درێژایی ئەو رۆژگارە دوورودرێژە بە چوار پۆل دەسنیشان کران: ١- هەندێکیان کت و مت لەگەڵ وشەی ئێستای زمانی کوردی وەک یەکن. ٢- لە هەندێکی تریان تەنیا یەک فۆنیمیان گۆڕاوە.

٣- لە فۆنیمێک زیاتریان لێ گۆڕاوە، بەڵام تارمایی لە یەک چوونیان لەگەڵ شێوەی ئێستای هەر ماوە.

٤- بەشێکی تریان بە شێوەیێکی وا گۆڕاون کە لە وشەی ئێستای زمانی کوردی ناکەن. ئەو گۆڕانکارییانەی خستمانەڕوو لە رووی دەنگ و واتاوە بوون، هەرچەندە لەم بەراوردەی ئێمەدا لایەنی دەنگسازیەکە زەقتر دیارە.

لێرەدا درک بەوە دەکەین کە شارستانیەت و گەنجینەی زمان وەک شارێکی کۆنە کە شەقام و خانوو بەرەو گۆڕەپانی نوێ و کۆنی تیایەو لە دەوروبەریشی کۆمەڵێ گەڕەکی نوێ و خانووی وەک یەکی تیا بەرچاو دەکەوێت[١] لە پاش ئەوانەی دەبڕان ئەو راستییەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە ناو گەنجینەی زماندا ئەوانە دەبینرێن: وشەو زاراوەو مۆرفیمی هەرە کۆن، کۆن، سەردەمی ناوەڕاست، نوێ، هەرە نوێ.

تەسکبوونەوەی واتا سنوورێکی بچووکی گۆڕانکاری واتا داگیر دەکات و گۆڕانکاری واتاش دەچێە سنووری ئیتیمۆلۆجییەوە، هەرچی ئەمەشیانە (سنووری ئیتیمۆلۆجی) دەچێتە سنووری گۆڕانکاری زمان و بەم شێوەیە:

---

[٤] هەمان سەرچاوە, ل١١٥.

[٥] هەمان سەرچاوە, ل١٢٨.

[٦] هەمان سەرچاوە. ل٢٩٩.

[٧] هەمان سەرچاوە, ل٢٩٣.

[١] بحوث فلسفية, ص٥٥.




بەم پێیە گۆڕانکاری لە زمان روونادات هەتا بواری ئیتیمۆڵۆجی وشە دروست نەبێت، بواری ئیتیمۆڵۆجیش دروست نابێت هەتا گۆڕانکاری بەسەر زمان و واتادا نەیێت، تەسکبوونەوەی واتاش چەمکێکی گۆڕانکاری واتا دەگرێتەوە، واتە تا تەسکبوونەوەش روو نەدات ئەوا گۆڕانکاری واتاش بەرپا نابێت. لێرەدا پێویستە ئەو راستییەش بخەمە روو کە هەموو گۆڕانکارییەکانی زمان تەنیا لە روانگەی ئیتیمۆڵۆجییەوە سەیر دەکرێن، چونکە ئەو رێبازە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی باری مێژوویی زمان. لە لایێکی ترەوە پێویستە ئەو راستییەش بخەینە روو کە گۆڕانکاری لە زماندا بەگشتی بەستراوەتەوە بە تێپەڕبوونی کات و سەردەمێکی زۆر لەمێژ. واتە تا سەردەمی زیاتر بەسەر زماندا تێپەڕێت ئەوا رادەی گۆڕانکاری زیاتر دەبێت یا بەپێچەوانەوە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە بەشێوەییێکی رەها نییە چونکە وشەو مۆرفیمی وا هەیە کە سەردەمێکی یەکجار زۆریان بەسەردا تێپەڕیوە کەچی واتاو فۆرمەکەی هێشتا لە دەست نەداوە، ئەمە نەک هەر لە چوارچێوەی زمانی لاتینی بەڵکو لە چوارچێوەی هەندێك لە زمانەکانی هیندۆ ئەوروپی و کوردیش. بۆ نموونە: (ئورسوس) (Ursus)[1] کە وشەییێکی لاتینییەو دیارە لاتینیش سەر بە گروپی زمانانی هیندۆ ئەوروپی بووە، بە واتای (ئورس) یا (هورس)[2] وەیا (هرس) بە کارهاتووە. بە نموونەییێك گۆتایی بەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە دێنم:

(شینکە) گژوگیای تازە سەر دەرهێناو[3]. پاشان واتایەکی تریشی گرتۆتەخۆ کە (شینکە) جۆرە تفەنگێك بووە گوللەکەی لە لوولەکەیەوە رەوانەی ناوەوەی کراوە، بەڵام پاشان دووچاری تەسک بوونەوەی واتا هاتووەو تەنیا بە واتای یەکەمی لە زمان ماوە (گژوگیای تازە شین بوو).

(شینکە) دووچاری تەسکبوونەوەی واتا هاتووە، بەمەوە چووەتەوە ناو بواری گۆڕانی واتا، ئەمەشیان بە لێکدانەوەی ئیتیمۆڵۆجی دەردەکەوێت کە واتایەکی لە دەست داوە، ئەم لێکدانەوەی ئیتیمۆڵۆجییەش دەخزێتە ناو سنووری گۆڕان لە زماندا.

---

[1] أصوات واشارات, ص٧٩.

{{us} لە {Ursus} دا پاشگرە, بڕوانە: فەرهەنگی: Alation Dictionry, p. 1936

هەروا بڕوانە: Cassell’s English-Latin/ Latin - English dictionary, P.623.

[2] بە واتای ورچ, لە هەولێر و هەورازتر بە ورچ دەڵێن (هورس, هرس, ئورس، ئرس) پاشان بووە بە (حورس, حورچ, ورچ).

[3] هەمبانە بۆرینە, ل٥٠١.

## بەشی دووەم

### هۆی دروستبوونی دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا:

لەبارەی سەرهەڵدانی دروستبوونی دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا چەند هۆکارێك وای کردووە کە واتا لە زماندا پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك لەسەر بوونی لە زماندا دووچاری گۆڕانکاری بێت, جا گۆڕانکارییەکە یا بەرەو پێشەوەیە لەم حاڵەتەدا فراوانبوونی واتا دروست دەبێت, یا گۆڕانکارییەکە بەرەو دواوەیە ئەوا لەم حاڵەتەشدا تەسکبوونەوەی واتا دورست دەبێت, چونکە بەردەوامی گۆڕانکاری بەرەو پێشەوەیە یان بەرەو دواوەیە(1), مەبەستیش لەبەرەو پێشەوە لایەنی پۆزەتیڤیانەی گۆڕانکارییە, بە پێچەوانەشەوە بەرەو دواوە, لایەنی نەگێتیڤانەی گۆڕانکاری لە زمان دەگرێتەوە, هەر چۆنێ بێت لە بارەی هۆکارەکانی دروستبوونی دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا, ئەم هۆکارانە دەخەینەڕوو:

١- دروستبوونی دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا کاردانەوەیێکە دژی دیاردەی فراوانبوونی واتا, چونکە تافراوانبوونی واتا روونەدات ئەوا تەسکبوونەوەی واتا روونادات(2), واتە دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا لە فراوانبوونی واتا لە دایك دەبێت, خۆ ئەگەر لە روانگەی فەلسەفییەوەش سەیر بکرێت دیاردەکە زیاتر روون دەبێتەوە: ئەگەر دوو دیارەی دژ بەیەکتر هەبوون, تا دیاردەیەکیان پەیدا نەبێت, ئەوا ئەویتریان کە هاودژەکەیە هەرگیز پەیدا نابێت, با سەیری ئەم هێڵکارییە بکەین:




لای راستی هێلکارییەکە (فراوانبوونی واتا)یەو لای چەپیشی تەسکبوونەوەی واتایە, جا تا فراوانبوونی واتاکە روونەدات, کاری تەسکبوونەوەی واتا هەر دروست نابێت.

٢- هۆکارێکی تر بۆ دروستبوونی تەسك بوونەوەی واتا دروستکردنی هاوسەنگییە لە نێو وشەو مۆرفیم و زاراوەکان, چونکە ئەگەر وشەیەك بۆ نموونە شەش واتای درایە پاڵ و واتاکانی هەر بەرەو زۆر بوون بچن ئەوا هاوسەنگی نابێت, بەڵام ئەگەر لە لایێك وشە چەند واتا بگرێتە خۆی و لە لاییێکی تریشەوە بەپێی

---

(1) التطور اللغوي التاريخي, ص٢٩.

(2) پێشتریش ئاماژەی بۆکراوە.

(*) بۆ واتاکانی {گاز} جگە لە واتای {دروێنە} بڕوانە: فەرهەنگ اومید, ص٧٧٣.

تێپەڕبوونی سەردەم ئەگەر واتاکانی بەرەو تەسکبوونەوە بچن ئەوا هاوسەنگی لە نێوان هەردووتای تەرازووەکە دروست دەبێت:

واتای (١) ← واتای (٢) ← واتای (٣) ← واتای (٤) ← واتای (٥) ← واتای (٦)

فراوانبوونی واتایە

— واتای (٤)، — واتای (٥)، — واتای (٦)

هاوسەنگە

تەسکبوونەوەی واتا

هاوسەنگی لە نێوان دیاردەی فراوانبوون و تەسکبوونەوەی واتا دروست بوو لە (١) واتاوە تا (٦) واتا رۆیشت، بەڵام لە سەرێکی ترەوە بەرەو ئاراستەی دژ بە دیاردەی فراوانبوونی واتا دروست بوو، لەشەش واتاوە گەڕایەوە بۆ سێ واتا ئەمەش کرداری تەسکبوونەوەی واتایە بەم شێوەیە تەسکبوونەوەی واتا رادەیێك بۆ زیادبوونی واتای تاکە وشەیێك دائەنێت. ئەمەیان تەنیا نموونەیێك بوو کە بە ژمارە گەیشتە شەش واتا ئەگەر نا ژمارە دوو و سێ و چوار... هتد بۆ ئەم مەبەستە دەست دەدەن.

٢- پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو هۆیەکانی بەرهەم هێنان، هۆیەکی ترن بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا، چونکە ئامێرو کەل و پەلی جۆراوجۆر بە رادەیەکی یەکجار زۆر دێتە بەرهەم، کە ئەمانەش شوێنی ئامێرو کەل و پەلی کۆن دەگرنەوەو دەبنە هۆی لە ناوچوونی ژمارییێکی زۆر لە مۆرفیم و وشە کە پێشتر ناوی کەل و پەل و ئامێری کۆن بوونە، لە دەست دانی واتایەك دەبێتە هۆی دروستبوونی دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا، بۆ نموونە داهێنانی ئامێرێکی وەك تراکتۆر بووە هۆی لە ناوچوونی دەیەها ناوی پارچەو کەل و پەلی جووتکردن وەك: هەوجار، زەنگوڵە مژانە، دەستەندوو، نیر، کۆپەڵان، برمل... هتد. یەك لەو ئامێرانەی کە لەناو چووە (زەنگوڵە)(١)یە، ئەمەش بریتی بوو لە ئەلقەیێکی داری چەماوە کە گوریسی لێ ئەبەسترا لە کاتی جووتکردن، ئەمە واتای یەکەمی، هەرچی واتای دووەمیەتی بریتییە لە {زەنگ} کە لە ملی بەران و تەگەو مانگا دەکرێت. یا (چاوپان) کە ناوی جۆرە قوماشێك بووە کە {تۆلە} و {جانگ} (٢)یشیان پێ ئەوت، کەچی لە لاییێکی ترەوە (چاوپان) وەك ئاوەڵناو بە کەسێکی شەرمەزار دەوترێ.

× چاوپان: ناوی قوماشەکەیە کە ئیمڕۆ نەماوەو بەکارناییێت

× چاوپان: ئاوەڵناوەکەیە کە ئیمڕۆ هەر بەو واتایە ماوە،

ئەم تەسکبوونەوەیە بە هۆی بەرهەم هێنانی سەدەها جۆری تری قوماش، دروستبوو، بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو هۆیەکانی بەرهەم هێنان.

---

(1) Akurdis-English Dictionry, p.165.

(٢) هەمبانە بۆرینە، ل١٨١.

٤- تەسکبوونەوەی واتا هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی لێڵی واتایی کە لە ئەنجامی فراوانبوونیواتا دروست دەبێ, لە زماندا ئەو وشەو مۆرفیمانە باو ترن کە هەریەکەیان هەڵگری واتاییکن لە وانەی کە هەڵگری چەند واتان, چونکە کۆمەڵی دووەم لێڵی واتایی دروست دەکەن. لە لایێکەوە لێڵی واتایی دروست دەبێت بە هۆی دیاردەی فراوانبوونی واتاوە, لە لایێکی ترەوە ئەم لێڵی واتاییە بە هۆکاری دیاردەی تەسکبوونوەی واتا دەنیشێتەوە, کردارەکە وەك حەوزێکی ئاوە لەلایێکەوە ئاوی دڕژێتە ناوەو لەلایێکی ترەوە بە هۆی (قەڵبەزە)(١)وە بەو رادەیە ئاوی لیێ ئەڕوات. لە کۆتایی ئەم خاڵەدا دەتوانین بڵێین دیاردەی تەسکبوونەوە وەك هێڵێکی سوورە بۆ ئەو مۆرفیم و وشەو زراوانەی کە هەڵگری چەند واتایەکن, نابێت لەو هێڵە تێپەڕبکەن, چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوا زۆربەی هەرە زۆری لێکسیکەکانی زمان ژمارەییێکی زۆر لە واتا دەگرنە خۆ و دەبنە مایەی ئاڵۆزی و سەر لیێ شێوان لە زمانەکەدا.

٥- ئەگەر لە روانگەی جوگرافیای زمانەوەو زمانەوانی ئەنپرۆپۆلۆجییەوە(٢) (Anthropological linguistics) سەیر بکرێت ئەوا هۆکارێکی تری سەر هەڵدان و دروستبوونی دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا دەست نیشان دەکەین, چونکە لەبەر هۆکاری ئابووری و راگواستن و شۆڕش هەڵگیرسان, دانیشتوان یا لەبەر دوور کەوتنەوە لە مەترسییەکانی جەنگ و راگواستن و هۆکاری ئابووری شوێنی خۆیان بەجێ دێڵن, ئەم دیاردەیە لە شۆڕشی ئەیلوولی رزگاریخوازی کوردو شۆڕشەکانی تریش رووی داوە, دانیشتوانی ناوچەییێك کە خاوەنی دیالێکتی تایبەتی خۆیانن لەبەر هۆکارەکانی کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن لە چوارچێوەی کوردستان روویان کردۆتە شوێنێکی تر, کە ئەم شوێنەش دیالێکتێکی تایبەتی خۆیان هەیەو جیاوازە لەگەڵ دیالێکتی ئەوانەی روویان تێکردووە, توانای گواستنەوەی جوگرافی خەڵك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر, دیالێکتەکەی خۆیان نەختێ تووشی ئاوێتە بوون دەبێ و چاو لە هەندێ وشەی خۆی دەپۆشێت, تاڕادەییێك واز لەو لێکسیکانە دێنن کە تایبەتەن بە دیالێکتەکەی خۆیان بۆ ئەوەی لەگەڵ دیالێکتی ئەو شوێنە بسازێن کە روویان تێ کردووە(٣), جا ئەو لێکسیکانەی وازیان لیێ دێنن لەگەڵ وشەییێکی هاودەنگی خۆی تەسکبوونەوەی واتا دروست دەکەن, بۆ نموونە: ئەو خەڵکانەی کە لەشارەکانی تری کوردستان لەبەر هەر هۆیەك روویان لەشاری هەولێر کردووە, لە دیالێکتەکەیان {کاڵەك} یان بەکار هێناوە کە دوو واتای گرتۆتە خۆ, یەکیان بە واتای {گندۆرە} ئەویتریان بە واتای پێڵاوی چەرمینە(٤), ئەوان وازیان لە درکاندنی {کاڵەك} هێناوە چونکە لە هەولێر {گندۆرە}یە ئەوانیش هەر {گندۆرە} بەکاردێنن بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ ئەو شارە بگونجێنن. دوو

---

(١) مەست لە قەڵبەزە (نافورە)یە.

(٢) زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆجی تایبەتە بەلێکۆڵینەوەی زمان و دیالێکتی نەتەوەو تیرەو هۆزی جیاجیا, بڕوانە:(قاموس الانثروپۆلوجیا),ص٥٦.

(٣) علم اللغة الاجتماعي, ص٧٩.

(٤) هەمبانە بۆرینە, ل٦٠٣.

واتاكەی {كاڵەك} یەكیان ورده ورده لە دیالێكتی ئەوانەی روویان لە هەولێر كردووه بەكارنایێت و بەرەو تەسكبوونەوەی واتا دەچێت.

دیوی دووەمی تەسكبوونەوەی واتا:

مەبەست لە دیاردەی تەسكبوونەوەی واتا ئەوەیە كە هەر لێكسێك لە زماندا پاش ئەوەی لەبەر هۆكاری مێژوویی و كۆمەڵایەتی و زمانەوانی دەبێتە هەڵگری چەند واتایەك، پاشان هەر لەبەر ئەو سێ هۆكارە واتاكانی لێكسیكەكە روو لە كەمبوونەوە دەكەن و ئەو واتایانەی كە لێی كەم ئەبێتەوە زۆربەیان لە بەكارهێنان دەكەون و دەچنە ریزی لێكسیكە پەك كەوتەكان، تەنیا ئەو واتایەی كە دەمێنێتەوە بە شێوەیێكی زەقتر و دیارتر بەكار دێت(١).

بەڵام هەندێك لە زمانەوانەكان دیاردەی تەسكبوونەوەی واتایان بە (تایبەت بوونی واتا)(٢) (تخصص المعنی) ناو ئەبەن، ئەمەیان بەلای منەوە جیاوازی لەگەڵ تەسكبوونەوەی واتا هەیە، چونكە مەبەست لە تایبەت بوونی واتا ئەوەیە كە لێكسیكێك هەڵگری چەند واتاییكە بەڵام یەكێ لە واتاكانی بەشێوەیێكی دیارترو باوتر بەكاردێت و واتاكانی تری لە كارناكەون و نابنە پەك كەوتە، بەڵام لە تەسكبوونەوەی واتادا، واتاكانی تر بە زۆری و بەگشتی لەكار دەكەون و دەبن بە پەك كەوتە، تەنیا بە واتایە زەق و دیارترەكەی بەكار دێت، بۆ نموونە:

{هەرێم} بە واتای ناوچە بەكاردێت، بەڵام پاش دروست بوونی (هەرێمی كوردستانی عێراق) مۆرفیمی {هەرێم} واتاكەی تایبەت دەبێت بە (اقلیم)، چونكە ئێستا هەر كوردێك كە گوێی لە مۆرفیمی (هەرێم) دەبێت یەكسەر بیری بۆ (هەرێمی كوردستانی عێراق) دەچێت و بیر لە واتاكەی تری هەرێم ناكاتەوە، كەواتە بە شێوەیێكی زەقتر و باوتر بە واتای دووەمەكەی بەكار دێت و لە واتای یەكەمەكەی جیا نەبوویتەوەو هەردوو كیانیش لە زمان بەكاردێن بەڵام تەنیا جیاوازییان لە رووی زەقی و تایبەتمەندێتیەكەیانە.

وشەی (خواردنەوە) بە واتای خواردنەوەی هەموو شلەییێك دێت كە شیاوی خواردنەوە بێت وەك: ئاو، چا، شیر، شەربەت، مەی، دەرمان... هتد. بەڵام لەنێو ئەو هەموو خواردنەوانە تەنیا (مەی خواردنەوە) كە بەبێ مەی دەوترێت (خواردنەوە) لە هەمووان زەقتر و دیارتر بەكاردێت و تایبەت بوونی واتای پەیدا كردووە، جگە لەمەش لەناو كۆمەڵگای ئێمەو بەپێی ئایینی ئیسلام مەی و جۆرەكانی قەغەیە، بۆیە لە رووی كۆمەڵایەتی و ئایینییەوە ناڵێن (مەی خواردنەوە) بەڵكو تەنیا (خواردنەوە) كە دەرئەبڕێت. ئەمە لە بارەی تایبەت بوونی واتا.

هەرچەند هەردوو دیاردەی تەسكبوونەوەی واتاو تایبەت بوونی واتا لای هەندێ لە زمانەوانەكان یەك دیاردەیە، بەڵام ئێمە لە روانگەییێكی جیا لەوان سەیری هەردوو دیاردەكە دەكەین

(١) پێشتر ئاماژەی بۆ كراوە.

(٢) علم الدلالة، ص٢٤٥.

و هەر یەکیان بە دیاردەیەك دائەنێین با لە خاڵێکیش یەك بگرنەوە کە ئەویش کەمبوونەی واتاکانیانە, با وردتر لەیەکیان جیابکەینەوە:

١- لە تەسکبوونەوەی واتاو تایبەت بوونی واتا لە هەردووکیان واتا بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات.

لە تەسکبوونەوەی واتا, ئەو واتایانەی کە لە دەستی داوە زۆربەیان بە واتای پەککەوتە دەژمێردرێن بەڵکو دوا واتای کە وشەکە لێی گیرساوەتەوە هەر بەو واتایە بەکاردێت.

هەرچی (تایبەت بوونی واتا)یە, واتاکانی تری لە دەست نەداوە بەڵکو لە زماندا هەر بەکاردێن لە پاڵ ئەو تایبەت بوونی واتاییەش ئەو وشەی کە بووە بە (تایبەت بوونی واتا) بەشێوەیێکی دیارترو زەقتر بەکاردێت.

## تەسکبوونەوەی واتا لە بواری فەرهەنگەوانیدا:

دیارە ئەو وشەو مۆرفیم و زاراوانەی کە لە فەرهەنگەکاندا تۆمارکراون, بووینەتە گەنجینەیێکی یەکجاری و لە بیر نەکراوی زمانەکە, بە تایبەتی ئەو زمانانەی کە هەر زوو فەرهەنگیان بۆخۆیان دروست کردووە, ژمارەیێکی یەکجار زۆری وشەو مۆرفیم و لێکسیك پێشتر لەبەر نەبوونی فەرهەنگ و تۆمار نەکردنیان و بە هۆکاری تەسکبوونەوەی واتا لە ناوچوون, کە ئەڵێین لەناوچوون مەبەست ئەوە نییە کە ئێستا لە زمان نەماون و بەکارنایێن, بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە تۆمار نەکراون و نەخراونەتە سەر خەرمانی وشەو مۆرفیمی زمانی کوردی و لەناوچوون, فەرهەنگە کۆن و ناودارەکانی زمانانی تر(١) هەر لە زووەوە دەستیان کردووە بە لێکۆڵینەوەی سەرهەڵدان و مێژووی وشەو تەسکبوونەوەی واتا, چونکە واتا گرنگترین لقی سەرەکی و بنجییە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی مێژوویی(٢), دیارە ئەم دوو خاڵە واتە لایەنی ئیتیمۆڵۆجی وشەو تەسکبوونەوەی واتا, دوو بابەتی زۆر گرنگن, هەر لەبەر ئەوەشە فەرهەنگە ناودارەکان گرنگیان بێ داون. تەسکبوونەوەی واتا لە دوو روانگەوە خزیوەتە نێو فەرهەنگەکان, یەکەم لە رێگەی ئیتیمۆڵۆجییەوەو دووەم لە رێگەی تەسکبوونەوەی خۆی, چونکە لێکۆڵینەوە لەسەر تەسکبوونەوەی واتا هەرگیز بەبێ لایەنی ئیتیمۆڵۆجی وشەکان ناکرێت و ئەنجام نادرێت, بەشێوەیێکی تر دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەی تەسکبوونوەی واتا بە هۆی لایەنی ئیتیمۆڵۆجی ئەنجام ئەدرێت, ئەو فەرهەنگانەی کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ئیتیمۆڵۆجی ئەدەن ئەوا فەرهەنگی ئۆکسفۆردی بەناوبانگە(٣). هەرچی لایەنی ئیتیمۆڵۆجی وشەیە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەری هاتووە هەمووی باس دەکات, نەك هەر باسیان دەکات, بەڵکو لە فەوتانیش رزگاری کردوون, هەر فەرهەنگەوانێك گرنگی بەلایەنی

---

(١) وەك فەرهەنگی جۆنسۆن و ئۆکسفۆردی ئینگلیزی و فەرهەنگی وێبستەرو فەرهەنگی ستاندەردی ئەمەریکی.
بڕوانە: **المعجم الانگليزي** بين الماضي والحاضر.

(٢) منهج البحث اللغوي بين التراث وعلم اللغة الحديث, ص٣٨.

(٣) **المعجم الانگليزي** بين الماضي والحاضر, ص٥٥.

ئیتیمۆلۆجی نەدات, کەمتەرخەمی لە بارەی وشەو ڕەگەزو واتاکەی کردووە(٤). بەم جۆرە دەبینین کە فەرهەنگ تەنیا

ئەرکە لاساییەکە (تۆمارکردنی وشەو واتاکەی) نابینێت, بەڵکو هەموو وشەیێك دەخاتە ژێرباری لێکۆڵینەوە بە شێوەیێك کە هیچ لایەنێکی وشەکە نایێڵێتەوە کە لێی نەکۆڵێتەوە.
تەسکبوونەوەی واتاش لە بەشە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی فەرهەنگە ناودارەکانە(*), ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە یەك وشە هەندێ جار دەکەوێتە ژێر هەردوو دیاردەی تەسکبوونەوەو فراوانبوونی واتا لە ماوەی سەردەمی ژیانی یەك لەدوایەکەکان, واتاکە خۆی دەگوازێتەوە لە تەسکبوونەوە بۆ فراوانبوون بە پێچەوانەشەوە(١).
لێرەدا پێویستە نەختێ لەسەر ئەو دیاردەیە بوەستم: هەموو تەسکبوونەوەیەکی واتا بە قۆناغی فراوانبوون تێپەڕیوە, بەڵام فراوان بوون هەرگیزاو هەرگیز بە دیاردەی تەسکبوونەوە تێ ناپەڕێت لە قۆناغێکدا ڕەنگە دووچاری تەسکبوونەوە بێت, بەڵام لە تسکبوونەوە دروست نەبووە, ئەمە یەکەمیان, دووەمیش هەموو تەسکبوونەوەییێکی واتا لە نێوان خۆی و فراوانبوونی واتا ئەمبەرو ئەوبەر ناکات, بەڵکو لە لێکسیکەکان دووچاری ئەمبەرو ئەوبەر دەبن لێرەدا دەکرێت نموونەییێك بۆ هەردوو دیاردەی فراوانبوون و تەسکبوونەوەی واتا بێنینەوە کە پاش فراوانبوون بەرەو تەسکبوونەوەی واتا دەچێت و بەشێوەییێکی تر دەتوانین بڵێین لە هەڵکشانەوە بۆ داکشان و جارێکی تر لە داکشانەوە بۆ هەڵکشان دەچێت. مۆرفیمی {تفەنگ} دەکەین بە نموونەو بەم هێڵکارییە دیاردەکە دەخەمەڕوو.




---

[٤] نفس المصدر, ص٥٠.

[*] لە کاریفەرهەنگەوانی کوردی تا ئێستا بەلای تەسکبوونەوەی واتا نەچوون.

[١] المعجم الانگليزي بين الماضي والحاضر, ص٢٦٣.

[٢] فەرهەنگی خاڵ, جزمی دووەم, ل٣٥٥.

دیاره هەر ئامێرو و کەل و پەلێك كەسەرەتا دروست دەبێت ناوێکی تایبەتی بەخۆوە دەگرێت, پاشان بەپێی پەیدابوونی جۆری جیاجیاو هەمەچەشنەی ئامێرەکە کە لە ماوەی دوای ئامێری یەکەم دروست دەبن بە ناوێکی جیا لە ناوی ئامێری یەکەم دێنە ناوەوە. {تفەنگ} کە بۆ یەکەمجار دروستکراوە هەر

ناوی {تفەنگ} بووە, بەڵام لەبەر هۆکاری پێشکەوتنی پیشەسازی ئەم چەکەو پێویستی ئادەمیزاد بە جۆرێکی چاکترو خێراتر دەبینین دەیەها جۆری تر لەم چەکە دروستبووەو هەر جۆرەش ناوێکی لێ نراوە, بەمە کرداری فراوانبوونی واتا دروست بووە (قرمە, سێ تیر, شەش تیر, تاپڕ, ساچمە, جامبێزار, قۆنداغ بەگرێ, تەیارەشکێن, ئینگلیزی, جۆرەکانی بڕنۆ, جووت لوولە, ئەمانە هەمووی لە مۆرفیمی {تفەنگ} کەوتوونەتەوەو فراوانبوونی واتایان پێك هێناوە.




لەم هێڵکارییەدا دیاردەی تەسکبوونەوەی واتای{تفەنگ} خراوەتە روو چونکە تەنیا بۆ ئامێرێك ئەو هەموو ناوە زۆرە هاتۆتە ناوەوەو دیاردەی ئاسان بوونی زمان و داهێنانی چەکی باشترو خێراتر بە ناوی جیا لەوانەی پێشتر وای کردووە کە تەسکبوونەوەی واتا بەسەر (١٦) ناوەکەی تفەنگ بێت و تەنیا چواری لێ ماوەتەوە کە (تفەنگ و بڕنۆو تاپڕ و ساچمە)یە.

# بەشی سێیەم

**تەسکبوونەوەی واتا بەپێی هەندێ لە بوارە واتاییەکان(١):**

ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەم تەرخان کردووە بۆ نموونە هێنانەوە، کە ئەمەش زۆر پێویسە چونکە پێشتر لە کارە زمانەوانیەکان باس نەکراوەو تەنیا ئاماژەش بە تەسکبوونەوەی واتا نەکراوە. لەبەر ئەوەی واتای جۆربەجۆر لە باسەکەدا هەیە باشتر وایە نموونەکان بەپێی بوارە واتاییەکان بخەمەڕووەو پۆلینیان بکەم، لە هەر بوارێکی واتایی مۆرفیمێك یان چەند وشە بە نموونە دێنمەوە

(١) زمانەوانە عەرەبەکان بەرامبەر بە Semantic Field (الحقل الدلالي) یان بەکارهێناوە, واتە بەرامبەر بە Field (حقل)یان داناوە, هەندێ لە زمانەوانە کوردەکانیش بەرامبەر بە (حقل)ی عەرەبی (کێڵگە)یان بەکارهێناوە, بەلای منەوە (بوار) بەرامبەر بە (حقل) و Field) بەکاربێت راستترە, چونکە وەکو وشەی (کێڵگە) نابێتە وەرگێڕانی (حقل) و Field عەرەبی و ئینگلیزی.

کە هەر وشەیێك چەند واتا دەبخشێ. یەکێ لە واتاکانی وشەکە لەبەر چەند هۆکارێك کرداری تەسکبوونەوەی واتای بەسەردا دێت و لە ئەنجامدا ئەو واتایەی وشەکە لە زماندا پەکی دەکەوێت و دەچێتە لیستی واتا مردووەکان، بەشێوەیێکی تر دەتوانین بڵێین ئیتر وشەکە نابێتە هەڵگری ئەو واتایەی کە دووچاری تەسکبوونەوە هاتووە، لێرەدا بەپێی ئەو واتایەی کە تووشی تەسکبوونەوەی واتا هاتووە، بوارە واتاییەکانم دەست نیشان کردووە، دەگەڕێمەوە بۆ باسی بوارە واتاییەکان، دیارە کە زمانەواکان لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم بیرۆکەی بوارە واتاییەکانیان هێناوەتە ناوەوە(٢)، بە پێی ئەم بیرۆکەیە واتایان دابەشکردووە بۆ چەند بۆلێکی جیاجیا لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین: بواری واتایی کۆمەڵە وشەیێکە کە پەیوەندی لەنێوان واتاکانیان هەیەو هەموویان لە ژێر وشەیێکی گشتی کۆئەبنەوە(٣)، پەیڕەوکردنی بیرۆکەی بوارە واتاییەکان لە ئاستی سیمانتیکیدا بۆ مەبەستی ئاسانکردنی لێکۆڵینەوەی واتایە لە زماندا. نموونە بەپێی هەندێ لە بوارە واتاییەکان:

## ١- بواری باڵندە:

لەم بوارەدا ئاماژە بۆ چەند وشەو مۆرفیم دەکەین کە شێوەی فراوانبوونی واتان، بەڵام دواتر واتایان بەرەو تەسکبوونەوە دەچن و هەموویان تێکرا خۆیان لەیەك وشە دەبیننەوە:

أ- (سۆفەقیتە) جۆرێکە لە چۆڵەکە(٤)، (سواندووکە) ئەمەشیان جۆرێکی ترە لە چۆڵەکە، هەرچی (جوڕە)شە دیسان جۆرێکی تری چۆڵەکەیە، بەڵام ئێستا لە زمانی کوردیدا ناوی (سۆفەقیتە) و

(سواندووکە) و (جوڕە) ناهێنن بەڵکو کرداری تەسکبوونەوەی واتایان بەسەرداهاتووەو بە هەموویان دەوترێت (چۆڵەکە)، ئەو وشانەی بە قۆناغی تەسکبوونەوە تێپەڕ ئەبن پاشان وردە وردە لە زمان نامێنن و بەکار نایێن و دەچنە لیستی واتای مردووەوە.

سۆفەقیتە + سواندووکە + جوڕە ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا) = چۆڵەکە

ب- هەر لە بواری باڵندەدا ناوی {کۆتر} بە نموونە دێنینەوە: دیارە کۆتریش چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە کۆتری ماڵی، کۆترە کیویلکە، کۆترەباریکە، بەڵام ئێستا بە هەموویان دەوترێت (کۆتر)و وشەی کیویلکەو ماڵی ناوترێت چونکە تەسکبوونەوەی واتایان بەسەردا هاتووەو هەرسێکیان لە ژێر واتای {

کۆتر} کۆبوونەتەوە، کۆترەکیویلکە + کۆتری ماڵی + کۆترە باریکە ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا) = کۆتر

---

(٢) علم الدلالة, ص٨٦.

(٣) نفس المصدر, ص٧٩.

(٤) هەمبانە بۆرینە, ل٤٢٨.

## ٢- بواری جل و بەرگ:

لە بواری جل و بەرگدا ئاماژە بەم نموونانە دەکەم: کورتەك، پووزەوانە، دەرپی.

ا- لە بارەی کورتەکەوە جاران (مرداخانی) و (ستار خانی) و (چۆغەیی) هەبوون کە هەریەك لەم جۆرانەی کورتەك شێوەو دروونێکی جیاوازیان هەبوو، بەڵام ئێستا ناوی (ستار خانی) و (مراد خانی) و چۆغەیی نابەن، ئەگەر ناویشیان بێنن زۆر بەدەگمەن ناویان ئەڵێن، چونکە هەرسێکیان بە قۆناغی تەسکبوونەوەی واتا تێپەڕیون و خۆیان لە وشەی کورتەك بینیوەتەوە:

مرادخانی + ستارخانی + چۆغەیی ←پاش تەسکبونەوەی واتا = کورتەك.

ب- پووزەوانە: ئەم وشەیە هەڵگری دوو واتایە، یەکەم بە واتای بەلەك پێچ دێت(١)، جاران کاروانچییەکان لەبەلەکیان دەکردو ئەویش بریتی بوو لە گۆرەویەکی لەبەن دروستکراوی درێژکە تا ئەژنۆ دەهات بۆ ئەوەی لە رۆیشتنا گورج و گۆڵ بن چونکە رێگاییێکی زۆر دووریان دەبڕی بە دوای کاروانەکانیانەوە. دەلنگی شەرواڵیان گرمۆڵە دەکردو دەیانخستە ناو لای سەرەوەی پووزەوانەکە.

هەرچی واتای دووەمی (پووزەوانە)یە بریتییە لەو ئەڵقەیەی کە دەکرێتە لووتی هەندێ حەیوانەوە(٢)، لە ئەنجامی تەسکبوونەوە واتای یەکەمی ئێستا لە زمانی کوردی زۆر دەگمەن نەبێت بەکارنایێت، بەڵام واتای دووەمی دیارە کە ئێستا لە زمان ماوە:

پووزەوانە: بەلەك پێچ + پووزەوانە: ئەڵقەی لووت ←پاش تەسکبونەوەی واتا = ئەڵقەی لووت

ج- هەر لە بواری جل و بەرگەوە ئاماژە بە وشەی (دەرپێ) دەکەین، جاران پیرەژنەکانی کوردەواری جۆرە دەرپێیەکیان لەپێ دەکرد کە پێیان دەوت: (بەلوولە)، (بەلوولە) دوو واتا دەگرێتە خۆی: یەکەمیان بە واتای دەرپێ دێت و دووەمیان هەرشتێك کە لوولەدار بێ، یان بە هۆی لوولەوە. لە بارەی واتای

یەکەمی کە جۆرە دەرپێیەك بووە درێژی هەر دەلینگێکی نزیکەی ٢-٢.٥م دەبوو، وا باو بوو کە دەلینگەکەیان لە شێوەی بازنەو بەتووندی دەیان پێچایەوە، تا دەبووە ئەڵقەیێکی (١٠)سم بەرین، لەبەر ئەو ئەڵقەیە پێیان وتوە (بەلوولە)، وا باوبوو کە لە رەنگی خومیان دەگرت و رەنگەکەی شین دەبوو.

لەبارەی واتای دووەمی (بەلوولە) هەموو جۆرە لوولەیێك دەگرێتەوە وەك: لوولەی تفەنگ و مەسینەو هی تر. ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ واتای یەکەمی (بەلوولە)، دیارە زۆر لە مێژە باوی ئەو جۆرە دەرپێیە نەماوە، واتە لە بەکارهێنان کەوتووە، بەمجۆرە فرێزەکە واتاکەی لەدەست داوەو نەماوە چونکە دووچاری تەسکبوونەوەی واتا بووەو ئێستاکە تەنیا بە واتای دووەمی (لوولەی تفەنگ)، (لوولەی مەسینە)... هتد لە زماندا ماوە:

←پاش تەسکبوونەوەی واتا

---

(١) هەمبانە بۆرینە, ل١١٤.

(٢) هەمان سەرچاوە, ل١١٤.

بەلوولە: دەرپێ + بەلوولە: لوولەدار، بەهۆی لوولە = لوولەدار، بەهۆی لوولە.

٣- بواری رووەك:

لەبارەی رووەکەوە ئەم نموونانە دێنینەوە:

أ- گوێ بەرخۆڵە: دوو واتای هەیە، یەکەمیان هەر بە واتای گوێی بەرخ دێت، بەڵام واتای دووەمیان ناوی جۆرەکاردووەکە کە شێوەکەی لە گوێی بەرخۆڵە دەکات، لاسکەکەی درێژەو قەراغەکەی لووس نییە بەڵکو وەك نیمچە گەچراو وایە، ئەمەیان بە قۆناغی تەسکبوونەوەی واتا تێپەڕیوەو ئێستا ناڵێن گوێ بەرخۆڵە بەڵکو ناوی کاردوو دەبەن.

گوێ بەرخۆڵە: گوێی بەرخ + گوێ بەرخۆڵە: کاردوو ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)— = گوێی بەرخ.

ب- چاو پشیلە: گیایەکە لە چاوی کتك دەکا(١)، بەڵام پاش ئەوەی بە هەنگاوی تەسکبوونەوەی واتا تێپەڕیوە، ئەم واتایەی لێ دوورکەوتۆتەوە، بەڵکو بە هەمان رووەکەکە دەڵێن گیا.

هەرچی واتای دووەمی (چاوپشیلە)یە دیارە کە مەبەست چاوی پشیلەیە.

چاوپشیلە: رووەك + چاوپشیلە: چاوی پشیلە ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)— = چاوی پشیلە، چونکە ئێستا بە واتای رووەکەکە بەکارنایێت.

٤- بواری کاڵاو کوتاڵ:

لەم بوارەدا ناوی گەلێ کاڵاو کوتاڵ لە ئارادایە، کە کاتی خۆی هەبوونەو خەڵکەکە بەکاریان هێناون، بەڵام لە ئەنجامی پێکشەوتنی باری تەکنەلۆجیاو ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو ناوانەی پێشتری کاڵاکان بە نەمانی خۆیان ناوەکانیشیان لە ناو دەچن و لە زماندا دووچاری تەسکبوونەوەی واتا دەبن، باسەیری ئەم نموونانە بکەین: چاوپان، ئاگرباران، خەوخۆش، حەفت رەنگ.

أ- (چاوپان) دوو واتای هەیە، یەکەمیان بە جۆرە قوماشێکی سپی وتراوە، واتای دووەمی بریتییە لە کەسێکی سەرشۆڕ کە کەتنێکی کردبێ، ئینجا لە زمانی کوردی دا واتای یەکەمی (چاوپان) نەماوەو بەکارنایێت و (تۆلە) جێگەی گرتۆتەوە ئەمەش لە ئەنجامی تەسکبوونەوەی واتا دروستبووە، کەچی واتای دووەمی (چاوپان) هەر لە زمان ماوەو بەکار دێت:

چاوپان: کاڵا + چاوپان: سەرشۆڕ ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)— = چاوپان: سەرشۆڕ، هەرچی واتای یەکەمەکەیەتی بە هۆی تەسکبوونەوەی واتا لەناوچووە.

ب- خەوخۆش: دیسان دوو واتا دەبەخشێت، یەکەمیان مەبەست لە جۆرە کاڵایەکە کە ئێستا نەماوە، لە بارەی ناوی ئەم کاڵایە زێدە رۆیی تیابەدی ئەکرێت، واتە ئەوەندە نەرم و نیانە ئەگەر

---

(1) هەمبانە بۆرینە، ل١٩٩.

یەکێك ئەم کالاّیەی لەبەر بێت خەوی زۆر خۆش ئەبێت. واتای دووەمیش دیارە کە مەبەست لە یەکێکە کە باش خەوی لیّ کەوتبێت و لە خەوێکی خۆشدا بێت. بەلاّم بە هۆکاری تەسکبوونەوەی واتا، واتای یەکەمی لە دەست داوەو ئینجا لە زمانی کوردیدا هەر بە واتاکەی دووەمی ماوەتەوە.

خەوخۆش: کالاّ + خەوخۆش: خەوی گران ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)— = خەوی گران، چونکە واتای یەکەمی بە هۆکاری تەسکبوونەوەی واتا لە دەست داوە.

٥- بواری خواردەمەنی:

لە بواری خواردەمەنی چەند نموونە دێنینەوە کە کرداری تەسکبوونەوەی واتایان بەسەردا هاتووە، نموونەکان بریتین لە مانەی خوارەوە:

أ- قورِاو: دوو واتای جیا دەبەخشێت، کە یەکەمیان واتای جۆرە خواردنێکی کوردەوارییە، ئامادەکردنی بەم شێوەیە: گۆشتی بەرخ لەگەڵ ماست بەیەکەوە ئەکرێتە ناو ساجێکەوە تا ئەکوڵێت، ئەم جۆرە خواردنە (بەربەسێڵی)یشی پیّ ئەوتریّ(١)، بەلاّم ئێستا (قورِاو) بەکارناهێنن بەڵکو هەر (بەربەسێڵی) لەسەر زارانەو بەکار دێت، واتای دووەمی (قورِاو) بریتییە لە قورِ + ئاو، واتە لیترەو چڵپاو، ئەم واتای دووەمە ماوەو ئێستا بە کاردێت، بەلاّم واتا یەکەمەکە لەبەر هۆکاری تەسکبوونەوەی واتا نەماوەو ئێستا بەکارنایێت:

قورِاو: بەربەسێڵی + قورِاو: چڵپاو ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)— = قورِاو بە واتای چڵپاو ماوەو بەکاردێت کەچی واتای (بەربەسێڵی) لە دەست داوە.

ب- لۆلکە: دوو واتای جیا لە یەکترەوە دەبەخشێت، یەکەمیان بریتییە لە خواردنێك کە جاران لە ئاردو شەکر یا ئاردو دۆشاو دروستکراوە(٢)، هەرچی واتای دووەمە (لوولکی) جۆلاّ دەبەخشیّ(٣)، واتای یەکەمی (لۆلکە) کە جۆرە خواردنێك بووە، ئێستا ئەم خواردنە نەماوەو بە نەمانی وشەی (لۆلکە) لە زماندا نەماوەو بە کارنایێت، چونکە بە هەنگاوی تەسکبوونەوەی واتا تێپەرِیوە، واتای دووەمی ئێستا ماوەو بەکاردێت:

لۆلکە: جۆرەخواردن + لۆلکە: لوولکە ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)— = لۆلکە بە واتای (لوولکە)ی جۆلاّ ئێستا بەکاردێت.

پ- بەلەچەك: دەتوانین سیّ واتا بۆ ئەم فرێزە دەستنیشان بکەین: یەکەم بە واتای ئەو کاڵەك و کوولەکەیە دێت کە جاران زوو بە هاوین قاش قاشیان ئەکردو لەبەر هەتاو وشکیان ئەکردەوە بۆ زستان(١) واتە جۆرە خواردەمەنیەك بوو. دووەم واتای بریتییە لە دەستبەندی بەندی

---

(١) هەمبانە بۆرینە، ل٥٦٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٧٦٥.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٧٦٥.

(١) هەمبانە بۆرینە، ل٨٤.

(کەلەمچە)(٢). هەرچی واتای سێیەمیەتی ئەو پارچە کاڵایە دەگەیێنێ کە ئافرەتان سەری خۆیانی پێ دادەپۆشن و خۆیان لەچك دەکەن. واتای یەکەمی کە جۆرە خواردنێکی کۆن بووەو جاران دەیانکرد بەڵام زۆر لەمێژە ئەم (بەلەچەکە) کە ناوی خواردەمەنییەکە بووە نەماوەو کرداری تەسکبوونەوەی بەسەردا هاتووە، یەکێ لە دوو واتاکەی تری (دەستەبەندی بەندی) ئەویش هەمدیس دووچاری تەسکبوونەوەی واتا هاتووەو ئێستا لە زمانی کوردیدا بەو واتایە بەکارنایێت و هەر واتای سێیەمەکەی ماوە کە لەچکی ژنانە.

بەلەچك: کاڵەك و کوولەکەی وشك کراو + بەلەچەك: کەلەمچە + بەلەچەك:

لەچکی ژنان ←پاش تەسکبوونەوەی واتا— بەلەچەك: بە واتای ئافرەتی لەچك کراو ماوە.

٦- بواری ئامێرو کەل و پەل:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو راستییەمان بە دەست هێنا کە ئەو وشەو مۆرفیمانەی هەڵگری ناوی ئامێرو کەل و پەلن زیاتر لە بوارەکانی تر بە قۆناغی تەسکبوونەوەی واتا تێپەڕیون، دیارە ئەمەش لەبەر باری ژیانی کوردەواری بووە کە زۆر لە کەل و پەل و ئامێری خۆماڵی بەکار هێناوە ئەمەو سەرەڕای ئامێری تر بۆ بەرهەم هێنان، لەم بوارەدا ئەو نموونانە دێنینەوە:

أ- تەپان: هەڵگری دوو واتایە، یەکەمیان تێڵای گەڵا کوتانە(٣)، دووەمیان، ئەو بەرزایییە یە کە لەسەر کورتان دروست دەکرێت بۆ ئازار نەدانی پشتی وڵاغ کە شەغرەی لەسەر پشتی دائەنرێت(٤). واتای یەکەمی هەر ماوەو ئێستاش لە زمانی کوردیدا بەکاردێت، هەرچی واتای دووەمیەتی دووچاری تەسکبوونەوەی واتا هاتووە، چونکە ئەو ئامێرەی (شەغرە) کە دەخرایە سەر پشتی وڵاغ نەماوەو ئێسا ئەم ئامێرە بەکارنایێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە تەسکبوونەوەی واتا لێرەدا دروست بووە.

تەپان: تێڵا + تەپان: بەرزایی سەرکورتان ←پاش تەسکبوونەوەی واتا— = تەپان: تێڵا، ماوەتەوە لە زمان، هەرچی واتاکەی ترە (بەرزایی سەرکورتان) بە هۆکاری تەسکبوونەوە لەناو چووە.

ب-لەواشە: ئەم وشەیە دوو واتای هەیە:

١- ئامێرێك بووە بۆ بەستنەوەی لچ و لێوی وڵاغ لە کاتی ناڵکردندا بۆ ئەوەی نەتوانێت گەز بگرێتە ناڵبەندەکەو ئەو کەسانەی کە لە دەورو بەری دەوەستان یا کاریان دەکرد، ئەو ئامێرە زۆر سادە بووەو، لە دوو پارچە دار پێك هاتبوو کە درێژی هەر یەکێکیان نزیکەی (٣٠)سم دەبوو، لەسەرێکەوە بە هۆی بەنێك هەر دووکیان بەیەکەوە بەسترابوونەوە، بەڵام سەرەکەی تر دیسان بە هۆی بەنێکەوە بەیەکترەوە دەبەستران پاش ئەوەی لچ و لێوی

---

(٢) هەمان سەرچاوە, ل٨٤.

(٣) هەمان سەرچاوە, ل١٥٨.

(٤) گولمێك لە رەوسەی فۆلکلۆری کوردەواری, ل١٠٠.

ولاخەکە دەخرانە نێوان هەردوو پارچە دارەکەوە، بەم جۆرە لچ و لێوی ولاغەکە توونـد ئەبەستراو ئیتر نەیدەتوانی دەمی بکاتەوە.

٢- واتای دووەمی (لەواشە) ئەستورکێکی گەورەو پانە(١) کە بە هۆی تەنور و ساجەوە ئەکرێت، ئەم وشەیە بە قۆناغی تەسکبوونەوەی واتا دەڕوات و لە ئەنجامدا واتای یەکەمی کە ئامێرە دارەکەیە لەدەست دەدات چونکە ئامێرەکەئێستا لە بەکارهێنان کەوتووە.

لەواشە: ئامێر + لەواشە: ئەستوورک ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)← = لەواشە: ئەستوورک.

پ- چان: چەند واتاییێکی هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆ دوو واتا دەکەین: واتای یەکەمی بریتییە لە (باگوردێنی دار، بەدارێکەوە دەیبەستن و لە ملی گا دەگەن بۆ ورد کردنی کڵۆش بەکاری دێنن)(٢)، هەرچی واتای دووەمیەتی، زەنگوڵەی خەبەردار کردنە(٣). دیارە هۆکاری بەرهەمهێنان لە ئەنجامی پێشکەوتنی پیشەسازی دەگۆڕێت و دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئامێرێکی پێش خۆی، بەمجۆرە {چان} دووچاری تەسکبوونەوەی واتا دەبێت و واتای یەکەمی نامێنێت و تەنیا بە واتا دووەمەکەی کە (زەنگوڵە)یە دەمێنێ.

چان: باگوردانی دار + چان: زەنگوڵە ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)← = چان: زەنگوڵە، لە زمانی کوردیدا ماوە.

ج- باڵتە: هەڵگری دوو واتایە، ١- تەور(٤). ٢- هەردووپێچکەی جەنجەڕە، دەوریان بە ئاسنی پان و تیژ دراوە، کە دەخولێنەوەو بەسەر کڵۆشدا دەڕۆن دەبێتە هۆی وردکردنی کڵۆشەکە. ئەم وشەیە دووچاری تەسکبوونەوەی واتا هاتووەو واتای دووەمی لە دەست داوە، چونکە ئێستا ئامێرەکە نەماوەو بەکارنایێت. ئەمڕۆ لە زمانی کوردی تەنیا پارێزگاری واتای یەکەمی کردووە کە (تەور)ە:

باڵتە: تەور(٥) + باڵتە: هەردووپێچکەی جەنجەڕ ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)← = تەور

## ٧- بواری خشڵی ژنان:

لەم بوارەدا تەنیا نموونەیێك دێنینەوە کە ئەویش (خەزێم)ە، ئەم وشەیە هەڵگری دوو واتایە:

١- ئەڵقەی نێوان کەپووە(١). ٢- گیایەکە گوڵی زەرد دەکا. لەبارەی واتای یەکەمەوە، مەرج نییە (خەزێم) ئەڵقە بێت بکرێتە نێوان کەپوو، بەڵکو جۆرێکی تریش هەبووە کە زیاتر لە ئەڵقەکە باوتربووە، شێوەکەی خڕ بوو بە ئەندازەی (٢٥) فلس یەکی جاران، لە زێڕ یا زیو دروست دەکراو

---

(١) هەمبانە بۆرینە, ل٧٧٦.

(٢) هەمان سەرچاوە, ل١٩٨.

(٣) هەمان سەرچاوە, ل١٩٨.

(٤) فەرهەنگی خاڵ, جزمی یەکەم, ل١٠٤.

(٥) هەمبانە بۆرینە،ل٤٤.

(١) فەهەنگی خاڵ, جزمی یەکەم, ل١٠٤.

ژنان دەیانکردە لای ڕاستەی لووتیان بەلای خوارەوە، واتای یەکەمی (خەزێم) وەك خشڵێکی ژنان ئەمڕۆ نەماوەو بەکارنایەت. بەمجۆرە وشەی (خەزێم)یش دووچاری تەسکبوونەوەی واتا هاتووەو لە ئەنجامدا (خەزێم) ئەمڕۆ تەنیا بە واتای دووەمی ماوە(۲).

خەزێم: زێڕی لووت + خەزێم: گوڵ ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)— = خەزێم: گیایە کە گوڵێکی زەردی هەیە.

## ۸- بواری یاری کردن:

بۆ بواری یاریش ئەم نموونانە دێنینەوە:

أ- جگانێ: هەڵگری دوو واتایە، یەکەم مەبەست ئەو یارییەیە کە جاران بە هۆی {جگ}(۳)ەوە ئەنجام دەدرا، بەڵام واتای دووەمی (جگانێ) واتاییکی ئیدیەمییە، بۆ نموونە دەڵێن: (هەر تۆمان هەیە پێت بچینە جگانێ). ئەوەی سەرنج رادەکێشێت واتای یەکەمی تووشی تەسکبوونەوەی واتا هاتووەو هەرچی واتا ئیدییەمەکەشە ئەویش خەریکە دووچاری تەسکبوونەوە دەبێت.

جگانێ: یاری + جگانێ: بە واتای ئیدیەمی ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)— = جگانێ وەك ئیدیەم لە زماندا ماوە.

ب- تەڵە ڕێوی: ناوی یارییەکە، لەم یارییەدا یەکێك خۆی ئەکات بەتەڵەو ئەویتر بە ڕێوی، ئەوکەسەی خۆی کردووە بەتەڵە بە هۆی دەست و قاچییەوە وەك تەڵە ئەوەکەی تر دەگرێت کە گوایە ڕێوییە(٤)، ئەمە واتای یەکەمی، هەرچی واتای دووەمیەتی دیارە مەبەست ڕێوی گرتنە بە تەڵە، واتای یەکەمی کە یارییەکەیە لەناو منداڵان نەماوەو بە نەمانی یاریەکە (تەڵە ڕێوی) دووچاری تەسکبوونەوەی واتا هاتووەو ئەمڕۆ لە زمانی کوردی بە واتای یارییەکە بەکارناییێت، بەڵام واتای دووەمی هەر لە زماندا ماوە:

تەڵە ڕێوی: یاری + تەڵە ڕێوی: ڕێوی گرتن ←(پاش تەسکبوونەوەی واتا)— = تەڵە ڕێوی: ڕێوی گرتن:

**۹- بواری چەك:** لەم بوارەدا نموونەی (دەمانچە)(٥) دێنمەوە کە پاش ئەوەی بە هەنگاوی فراوانبوونی واتا ئەڕوات، ئەم ناوانەی لێ دەکەوێتەوە: (شەش ئاگر، لامە، بەرابێل، چاردەخۆر)

---

[۲] وەك وشەییێك لە زمان نەماوەو بەکارناییێت, بەڵام لە هەندێ دەقی فۆلکلۆری کوردی بە واتای یەکەمیش هەرماوە.

[۳] جگ پارچە ئێسقانێکی مەڕو بزن بوو, کە دوای سەر بڕینیان دەردەهێنراو شێوەی لاکێشەیی بوو بەڵام گۆشەکانی نیو بازنەیی بوو, لەبەر ئەوەی جاران لە لادێکان ئامێرەکانی یاری کردن نە بوو, بۆیە جگیان دەکرد بە ئامێری یاری کردن.

[٤] یاری لە کوردەواریدا, ل١٤٢.

[٥] (تفەنگ)یش لەم بوارەدایە, بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر باس کراوە بۆیە لێرەدا دووبارەی ناکەمەوە.

بەڵام دواتر کە دووچاری تەسکبوونەوەی واتا دەبێت، تەنیا دوو ناوی دەمێنێتەوە (دەمانچە، چاردەخۆر).

## ئەنجام

دوای ئەوەی کە ئەم لێکۆڵینەوەمان بەسێ بەش خستە ڕوو پاشان لەهەموو ڕوانگەیەکەوە سەیری لایەنە جیاجیاکانی کراو لە کۆتاییدا بەو دەرەنجامانە گەیشتین:

١- لەبەر ئەوەی تائێستا بابەتی تەسکبوونەوەی واتا لای زمانەوانە کوردەکان وەك لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ باسی لێوە نەکراوە بۆیە ئەم کارەی ئێمە دەبێتە یەکەم لێکۆڵینەوە کە لەم بوارەدا ئەنجام درابێت، بەپێی ئەمە هەموو باسەکانی تازە بابەتن .

٢- لەم کارەی ئێمەدا پێناسەیەکی نوێتر و گونجاوتر بۆ دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا داڕێژراوە کە ڕایەڵەی هەموو لایەنێکی بابەتەکە دەکاو جیاوازیشە لەگەڵ ئەو پێناسانەی کە لەلایەن زمانەوانە بێگانەکان داڕێژراون .

٣- بەو ڕاستییە گەیشتین کە زۆربەی وشەو مۆرفیم لەزمانی کوردی بە بەردەوامی لەهەڵکشان و داکشان دان ، بەشێوەیەکیتر دەڵێین: هەندێ وشە و مۆرفیم بەهەنگاوی فراوانبوونی واتا تێئەپەڕن و پاشان دووچاری تەسکبوونەوەی واتا دەبنەوە ئینجا جارێکیتر لەتەسکبوونەوە بۆ فراوانبوونی واتا دەگەڕێنەوە ، وەك لەبەشی سێیەم بەمۆرفیمی {تفەنگ} نوێنراوە.

٤- لێکۆڵینەوە لەبارەی تەسکبوونەوەی واتا بەبێ لایەنی ئیتیمۆلۆجی باس ناکرێت ، هەر لەڕێگەی ئیتیمۆلۆجییەوە سەدەها وشەو مۆرفیم کەسەردەمیان بەسەرچووەو یاد ئەکرێنەوەو دەخرێنە بەردەم نەوەی ئێستای ڕۆڵەکانی کورد کە بەلای ئەوانەوە وشەو زاراوەی نامۆن. بەم کارەش بەشێکی زۆر لەو وشەو مۆرفیمانە تۆمار دەکرێن و دەخرێنە سەر خەرمانی وشەی کوردی.

٥- هەر لەڕوانگەی ئیتیمۆلۆجییەوە بەلای وشەکانی زمانی ئاوێستا گەڕاوینەتە دواوەو لەڕێگەی بەراوردکردنیان لەگەڵ وشەو مۆرفیمی ئیمڕۆی زمانی کوردی چوار پۆلمان ئیدەستنیشان کردوون لەبارەی دووری و نزیکیان لەگەڵ وشەو مۆرفیمی ئیمڕۆی زمانی کوردی .

٦- لەم کارەماندا ، دەستنیشانی هەندێ وشەی ئیمڕۆی زمانی کوردیمان کردووە کە وشەی سەردەمی زمانی لاتینین ،بابەشێوەییەکی ڕوونتر بڵێین وشەی مەڵبەندی یەکەمی زمانی هیندوئەوروپین ،وەك وشەی (ئورس) کەتائێستاش لەهەولێرو دەوروبەری دەڵێن: (ئورس، ئرس، هورس)پاشان بەو ئاڕاستەیە گۆڕاوە بۆ (هرس، هورس، حورس، حورچ، هورچ، ورچ) . پێویستە لێرەدا ئەم ڕاستیەش
بڵێین کە (ئورس)یا(هورس) وشەی وەرگیراو و وەرگێڕاو نین، بەڵکو هەر لەخودی زمانی کوردی هەبوونە و تائێستا پارێزگاری خۆیان کردووە.

٧- لەم لێکۆڵینەوەدا، بۆ یەکەم جار باسی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا کراوە.

٨- هەردوو دیاردەی تەسکبوونەوەی واتاو تایبەتبوونی واتا (تخصص المعنى) لەلایەن هەندێ لەزمانەوانەکانی ناکورد تێکەڵ بەیەکتر کراون وهەردووکیان بەتەسکبوونەوەی واتا داناوە، بەڵام لەم کارەی ئێمەدا هەردوو دیاردەکە بەسێ خاڵ لەیەکتر جیاکراونەتەوە.

٩- بابەتی تەسکبوونەوەی واتا کەرەسەیێکی گرنگی کاری فەرهەنگەوانییە، فەرهەنگە ناودارەکان گرنگیەکی زۆریان پێداوە، بەڵام لەبواری فەرهەنگەوانی کوردیدا هەر باس نەکراوەو بایەخی پێنەدراوە، بۆیە پێویستە کە فەرهەنگەوانە کوردەکان لەداهاتوودا بواری تەسکبوونەوەی واتا فەرامۆش نەکەن.

١٠- لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو ڕاستییەمان بە دەست هێنا کە ئەو وشەو مۆرفیمانەی هەڵگری ناوی ئامێرو کەل و پەلن زیاتر لە بوارەکانی تر بە قۆناغی تەسکبوونەوەی واتا تێپەڕیون، دیارە ئەمەش لەبەر باری ژیانی کوردەواری بووە کە زۆر لە کەل و پەل و ئامێری خۆماڵی بەکار هێناوە ئەمەو سەرەڕای ئامێری تر بۆ بەرهەم هێنان(*).

(*) پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە.

## سەرچاوەکان


١- فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، شێخ محمدی خاڵ، کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠ .

٢- فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، شێخ محمدی خاڵ، کامەران، سلێمانی، ١٩٦٤ .

٣- هەمبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی – فارسی، هەژار موکریانی، چاپخانەی سروشت، تەهران، ١٩٩٨.

٤- فەرهەنگی ئیریەن قاچ،محەمەد ئەمین هەورامانی، چاپخانەی سۆمەر، بەغدا،١٩٨٧.

٥- بنج وبناوانی هەندێ وشە، بەشی یەکەم، د.ئەورەحمانی حاجی مارف، بەغدا،٢٠٠٠.

٦- سەرەتایێکی زمانناسی، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی، میدیا، سلێمانی، ١٩٩٨.

٧- یاری لە کوردەواریدا، بەرگی یەکەم، د.نەسرین فەخری، دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٢.

٨- گۆلمێك لە رەوسەی فۆلکلۆری کوردەواری، داود محمد شڕۆڵ، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٧.

٩- فرهنگ فارسی اومید، محمد بهشتی، انتشارات فؤاد، تهران، ١٣٧١.

١٠- علم الدلالة، د. احمد مختار عمر، دار العروبة للنشر و التوزيع، الكويت، ١٩٨٢.

١١- منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، د. علي زوين، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد،١٩٨٦.

١٢- علم اللغة الاجتماعي، د. هدسن، ترجمة، د. محمود عبدالغني عياد، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.

١٣- دور الكلمة في اللغة، ستيڤن اولمان، ترجمة، د. كمال محمد بشر، القاهرة، ١٩٧٥.

١٤- اصوات و اشارات، أ . كوندراتوف، ترجمة، ادور يوحنا، مطبعة الجمهورية، بغداد، ١٩٧١.

١٥- التطور اللغوي التاريخي، د. ابراهيم السمرائي، دار الاندلس، بيروت، ١٩٨١.

١٦- المعجم الانجليزي بين الماضي و الحاضر، د. داود حلمي السيد، مطبعة مقهوي، كويت، ١٩٧٨.

١٧- قاموس الانثروپولوجيا، انكليزي _ عربي، د. شاكر مصطفى سليم، الكويت، ١٩٨١.

١٨- بحوث فلسفية، لودفيج فتجنشتين، ترجمة، المرحوم د.عزمي اسلام، مطبوعات جامعة الكويت، الكويت، ١٩٩٠.

١٩- اللغة و الحياة و الطبيعة البشرية، بروفسور روي.سي.هجمان، مطبوعات جامعة الكويت، الكويت،١٩٨٩.

20-Wahby , T. and C.J Edmonds(1966) AKurdish-English-dictionary. O.V.P London

21-D. p . Simpson(1968) Latin English-English Latin dictionary, by garold and sons Ltd.

22-Norwitch, great Britain.

23-Charlton, T. Lewis and Charles short (1969) A Latin Dictionary. Great Britain.

## ملخص البحث

يتناول هذا البحث دراسة تضييق المعنى في اللغة الكردية، حاولت التطرق الى جميع جوانبه، ويعنى هذا البحث ايضاً بدراسة معاني المفردات من خلال المنهجين التأريخي و التقابلي ، ونتيجة لهذه الدراسة توصلنا الى الحقيقة الآتية: لا تحدث ظاهرة التضييق وتوسع في اللغة ما لم تمر الكلمة بالمراحل المختلفة لظاهرة توسع المعنى، ومن الاسباب التى دفعتني الى كتابة هذا البحث هو عدم تطرق اللغويين الكرد فى بحوثهم و دراساتهم الى ظاهرة تضييق المعنى .

قسمت البحث الى ثلاثة فصول فضلاً عن مقدمة تفي بالغرض. واخيراً تم عرض النتائج التي توصلنا اليها. تضمن الفصل الاول: الهدف من ظاهرة تضييق المعنى مع صياغة تعريف جديد لظاهرة التضييق، ويتحدث الفصل الثاني عن الاسباب التي تؤدي الى ظهور تضييق المعنى لاول مرة وحسب - معلوماتي المتواضعة - وقد ميزت بين التخصص و التضييق في حين بحثا من قبل اللغويين كموضوع واحد. وأشرت الى العلاقة بين تضييق المعنى وإعداد المعاجم. وخصص الفصل الثالث للجانب التطبيقي بذكر بعض الامثلة علىحسب بعض الحقول الدلالية.

# Summary

*This paper studies the narrowing of meaning in Kurdish; and because the subject is of a diverse nature, the researcher has tried to tackle all these diverse sides. It deals with studying the lexical meaning in terms of both historical as well as contrastive methods . The study is also about the development of lexical meaning regarded to the widening and the narrowing of meaning together with the resultant linguistic changes. These two phenomena are compared and contrasted . The result of the comparison is as follows: the narrowing of meaning does not occur in language unless it passes through different stages of the widening of meaning . Thus we can say that the widening of meaning is the only origin of narrowing.*

*The subject is chosen since the Kurdish linguists have not treated the narrowing of meaning in their researches and studies.*

*To extend and present all the sides of the narrowing of meaning, the paper is divided into three sections, apart from the introduction and the conclusion at the end.*

*Section one includes the purpose of the narrowing of meaning, here the researcher has composed a new definition for this phenomenon. It also deals with the linguistic changes that have reflections affecting this narrowing of meaning.*

*Section two surveys the reasons that led to the emergence of the narrowing of meaning for the first time, according to the humble knowledge of the researcher.*

*The other side of meaning i.e. meaning specialization is also dealt with in this section. The specialization and the narrowing of meaning are differentiated as two sides of meaning. In the previous works of other linguists, these two sides of meaning are dealt with as one subject. The section ends with the relation between the narrowing of meaning and forming or writing of the lexicons.*

*The third section includes the practical side of the study. It illustrates different examples related to some of the semantic fields.*